# چاوی خومار



شیعری:
محەمەد کەساس

تەمەن رۆیی و من هێشتا کە عەشقی چاوی خوماری تۆم
بەچاوی دڵ لەجێژووان چاوەڕوانی دیداری تۆم
کە دەمەوێت بۆ ساتێکیش بەرەو منداڵیم بچمەوە
سەر لەئەلبوومی دڵ ئەدەم تابۆنی تۆ بدۆزمەوە
کە شەو دادێ لەخەونم دا تۆ شاژنی پەرییانی
لەبێداریشما دڵنیام ڤینۆسی زەوی و ئاسمانی